حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
نووسینگەی وەزیر

حكومة إقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة التربية
مكتب الوزير

ISO 9001 : 2015

ژمارە : ١٨٠
ڕێکەوت: ٢٠/ جۆزەردان/ ٢٧٢٤ کوردی

العدد: ١٨٠
التأريخ: ٢٠٢٤/٦/١٠

**بۆ/ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردەی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە، گەرمیان، زاخۆ، سۆران، ڕاپەرین، خوێندنی کوردی لە کەرکوک)**

**بابەت / گشتاندن**

**ئاماژە بە بڕیاری کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزارەتی پەروەردە لە ڕۆژی پێنجشەممە ٦ ی ٦ ی ٢٠٢٤، بە کۆی دەنگ، بڕیاردرا :**

**١-** وەرگرتن و تۆمارکردنی **منداڵانی باخچە** و قوتابیان **لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی و دەرچووی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی** لە **پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی (ئەگەر لە قوتابخانەکەی خۆی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی نەبێت)** و قوتابی و خوێندکاری دەرچووی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە **پۆلی ١٠ ی ئامادەیی** (زانستی - وێژەیی - پیشەیی) لە ناوەندەکانی **خوێندنی حکومی،** لە ڕۆژی دووشەممە **٢٤ ی ٦ ی ٢٠٢٤** دەستپێدەکات تا ڕۆژی پێنجشەممە **٢٢ ی ٨ ی ٢٠٢٤.**

**٢-** وەرگرتنی منداڵان لە **قۆناغی یەکەمی** باخچەی منداڵان بۆ لە دایکبووانی **( ی ١ تا ٣١ی ١٢ ی ساڵی ٢٠٢٠)** دەبێت.

**٣-** وەرگرتنی منداڵان لە **قۆناغی دووەمی** باخچەی منداڵان **(ئەگەر باخچەی منداڵانەکە شوێنی هەبێت)**، بۆ لە دایکبووانی **(ی١ تا ٣١ی ١٢ی ساڵی ٢٠١٩)** دەبێت.

**٤-** وەرگرتنی قوتابیان لە **پۆلی یەکەمی بنەڕەتی**، بۆ لە دایکبووانی **(ی ١ تا ٣١ی ١٢ی ساڵی ٢٠١٨)** دەبێت.

**٥- سیستمی ئی پەروەردە،** لەدوای **٢٢ ی ٨ ی ٢٠٢٤** وە بۆ ناو تۆمارکردن لەم بابەتە بە درێژایی ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥ دادەخرێت، پێویستە ڕۆژانە ناوەندەکانی خوێندن ئەو داتا نوێیانە لە سیستمی ئی - پەروەردە تۆمار بکەن، جگە لەو قوتابیانی لە دەرەوەی هەرێم هاتوونەتەوە کە پێویستە بڕوانامەکانیان بۆ هاوتاکردنیان بۆ بکرێت.

**٦-** بۆ تۆمارکردنی (وەرگرتن) منداڵان و قوتابیان و خوێندکاران لە ناوەندەکانی خوێندنی حکومی، هەمان ڕێککارەکانی ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣-٢٠٢٤ پەیڕەو بکرێت.

**ئالان حمەسعید صالح**

**وەزیری پەروەردە**

**٢٠٢٤/٦/١٠**

**وێنەیەک بۆ:**

- نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز ڕاوێژکاران/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی سەر بەدیوانی وەزارەت/ بۆ ئاگاداری و کاری پێویست بە گوێرەی پەیوەندیداری (                    ).
- بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون/ نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ بۆ کاری پێویست.

Ministry of Education, Kurdistan Street, Erbil, Iraq
info@moe.gov.krd
هەرێمی کوردستان- هەولێر- شەقامی کوردستان - وەزارەتی پەروەردە